# کاتێك ژیانبەخشینەوە دەبێتە هەڕەشەیەك بۆ سەر خودی ژیان!
# سیاسەتی لێبووردنی گشتیی و ئینسانی خودایی

ئەم وتارە لە بناغەدا بە زمانی سویدی نووسراوە و لە ڕۆژنامەی بەیانیانی "یۆتیبۆریس پۆستن"ی ناوچەکانی خۆرئاوا و باشووری سویددا لە ڕۆژی یەك شەممە ٣ ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٢ دا و لە لاپەڕەی کولتووردا بڵاودەکرێتەوە. تێکستی کوردییەکەی وەرگێڕانی هەمان دەقی سویدیەکەی نییە و بە شێوەیەکی فراوانتر کاری لەسەر کراوە.

**نووسینی بەکر ئەحمەد**

**٢٠ی دیسێمبەری ساڵی ١٩٨٨ە و لەناو ئۆتۆمبیلێکدا لەگەڵ چەند خزمێکی تری خۆماندا دانیشتووین و چاوەڕوانی گەڕانەوەی هەندێك لەو خزمانەین کە چوون بۆ زیندانی ابو غریب تا تەرمی لە سێدارەدراوی کوڕێکی پوورم وەرگرنەوە. شار بەغدایە و شوێنیش کۆڵانەکانی ئەو دیوی شەقامی جمهوریيە. بۆ سەرنجڕانەکیشانی ڕێبوارانی شەقام, هەوڵدەدەین هیچ کەسێکمان سیمایەکی گریاناوی بەخۆمانەوە نیشاننەدەین. دیارە زیاتر مەبەست لە چاوەکانی ئاسایشە, تا لەم ساتە ناسکەدا و لە شارێکی وەك بەغدادا تووشی گێچەڵی زیاتر نەبین. چەند هەفتەیەك دوای لە سێدارەدانی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لەو کاتەدا, سەدام حسێن بڕیاری لێبووردنی گشتی زیندانیەکان ڕادەگەیێنێت.**

**سیاسەتی لەسێدارەدان و لێبووردنی گشتی, بەشێك لە سیاسەتی هەمیشەی بەعس بووە لەیەکەم ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری ئەم ڕژێمەوە. وا دیسانەوە ڕژێم لە هەمان گەمەی سیاسی خۆیدا سیاسەتی لێبووردنی گشتی بۆ زیندانیەکان دەردەکات. سەرنجڕاکیش ئەوەیە کە ئەمجارەش لە کاتێکدایە کە ژمارەیەکی تری زیندانیانی سیاسی چەند هەفتەیەك لەمەوبەر لە سێدارە دران.**

**بۆ ژورنالیزمی ئەوروپا و ئەمریکا, ئەم هەواڵە بە جۆرێك لێکدەدرێتەوە کە جێگای تێڕامانێکی زیاترە. لە "نیویۆرك تایمز"ەوە بۆ "ئۆبزێرڤەر", لە "ئافتۆن بلادێت"ەوە بۆ "یۆتێبۆریس پۆستن"**
**ئەم دەستپێشخەرییەی سەدام حسین بە مجۆرە لێکدەدەدرێتەوە.**
**"سیاسەتی لێبووردنی گشتی بە تایبەت لەم کاتەدا کە عێراقی پیا تێدەپەڕێت بە مەبەستی کۆکردنەوەی جەماوەری عێراقەوەیە بە دوای تاکە سیمبۆڵی چەوساندنەوەدا کە سەدام حسێنە"**
**"سەدام حسێن بەم کردارەی هێندەی تر جەماوەرێتی خۆی لە دەرەوەی عێراق دەباتە سەر, هاوکاتیش وەك فاکسێکی نارەزایەتییە بۆ سەرکردەکانی عەرەب, بە تایبەتی میسر کە لە زیندانەکانیدا هەزاران لە زیندانیانی سیاسی دیلکراون."**
**ئەوەی کە بۆ من جێگای تێڕامانە ڕوونکردنەوەی یەکەمیانە. ئەوەی لەم چەند وشەیەدا ڕوونکراوەتەوە لەگەڵ ئەو هەموو دژایەتییانەی کە لە تێکستەکەدا هەیە, دەکرێ خاڵی دەستپێکردن بێ بۆ لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی "لێبووردنی گشتی" لە عێراقدا کە من لەم نووسینەدا بە شوێنیەوە دەبم.**

پێویست بە لێووردبوونەوەیەکی زیاتر نییە تا بانگەوازی" کۆکردنەوەی جەماوەری عێراق لە دوای سەدام حسێنەوە" وەك هۆکارێکی سیاسەتی لێبووردنی گشتی بەعس سەرنجبدرێت. وەلامەکەشی ڕۆشنە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە میکانیزمەکانی دەسەلاتدارێتی دیکتاتۆرییانەی بەعسەوە هەیە لە عێراقدا. "جەماوەر" لە عێراقدا لە هیچ هاوکێشەیەکی سیاسیدا نییە کە پەیوەندی بە بڕیاری سیاسییەوە هەبێت. دەسەلات لە عێراقدا بەوەی دەسەلاتێکی سەرکوتگەرانەی دیکتاتۆرییە, "جەماوەر" دەخاتە دەرەوەی هەموو بڕیاردانێکی سیاسی. لە عێراقدا هیچ کاتێك سەرۆك پێویستی بەوە نەبووە کە بۆ بردنە پێشەوەی پرسیارێکی سیاسی لە جەماوەر بپرسێت. کەواتە ڕوونکردنەوەی لەم چەشنە بە هیچ شوێنێکمان ناگەیێنێت لە پەیوەند بە ناوەڕۆکی سیاسەتی "لێبووردنی گشتی"یەوە لە عێراقدا.

ئەوەی بۆ من گرنگە و خالی دەستپیکردن دەبیت لە پەیوەند بە سیاسەتی لێبووردنی گشتییەوە لە عێراقدا, سەرنجدانی ئەم سیاسەتەیە وەك بەشێکی جیانەکراوە لە سیاسەتی "تۆقاندن"ێك کە ڕژێم بە شوێنییەوەیەتی. بە مانایەکی تر, ئەگەر سیاسەتی ئیعدامکردن, چ لە زیندانەکاندا و چ لەسەر شەقامەکاندا, نمایشێکی دەسەلات بووە بۆ تۆقاندن و چاوترساندنی جەماوەر, ئەوا بە بۆچوونی من, سیاسەتی "لێبووردنی گشتی" لە هەمان میکانیزمی تۆقاندنی جەماوەر پەیڕەوی دەکات. بەڵام کەسێك دەتوانێت بپرسێت: مەگەر لە باری سیاسەتی لێبووردندا زیندانی جارێکی تر ناژێتەوە؟ مەگەر ئەوە ژیان نییە دووبارە دەگەڕێتەوە گیانی کەسی فەرمانی مەرگ بەسەردراودا؟ ئەیچۆن دەکرێ سیاسەتی ئیعدام و لێبووردنی گشتی لە هاوکێشەیەکدا کۆبکرێنەوە؟
بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە کەڵکوەرگرتن لە چەمکی "ئینسانی خودایی", کۆمەککەر دەبێت بەوەی کە بۆچی "لێبووردنی گشتی" دەبێتە هێزنوواندنی دەسەڵات بە مەبەستی تۆقاندنی زیاتری جەماوەر. ڕەنگە کەسیش بەقەد مارکس ڕێنیشاندەر نەبێت لەم پەیوەندەدا.

بەناوبانگترین وتەی مارکس کە لە بۆنەی جۆراوجۆردا ئاماژەی پێدەکرێت بریتییە لە:" ئایین ئەفیونی خەڵکە". لەسەردەمی مارکسەوە بۆ ئەمڕۆ ئایین گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هاتووە و لەوە کەوتووە کە تەنها ئەفیونی خەڵکی بێت. ئەمڕۆ ئایین کوژەری ئینسانەکانە و بزووتنەوە جۆراوجۆرە ئاینییەکان لە هەموو گۆشەکانی سەر زەویدا گەواهی ئەم ڕاستییە دەدەن. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە وتە بەناوبانگەکەی مارکس, دەبێ تەواوی دەربڕینی مارکس لە پەیوەند بە ئایینەوە بنووسرێتەوە. مارکس لە "ڕەخنە لە فەلسەفەی حەقی هیگل"دا ئەم وتانەمان بە مجۆرەی خوارەوە بۆ تۆماردەکات:" ..ئایین ئاهی ئینسانی لە تەنگانەدا کەوتووە, دڵی جیهانی بێ دڵە, ڕۆحی هەلومەرجی بێ ڕۆحە, ئایین ئەفیونی خەڵکییە."(١)
لە ولاتێکی وەك عێراقدا کە مەرگ سیمای هەمە ڕۆژەی کۆمەڵگایە, کە تیایدا ئیعدامکردن تەنها لە کونجی زیندانەکاندا ئەنجامنادرێت و سەر شەقەمەکان و گەڕەکەکان و قوتابخانەکان دەبێتە شانۆی کوشتنی سەربازی هەلاتوو, ژنانێك کە بە تاوانی لەشفرۆشی لە شەقامەکاندا هەڵدەواسرێن, لە هەلومەرجێکی ئاواهیدا کە دوعای هیچ موسوڵمانیك یان مەسیحییەك توانای ئازادکردنی زیندانییەکی فەرمانی مەرگ بەسەردا دراوی نییە, لە هەلومەرجێکی ئاواهیدا هیچ شتێکی تر نامێنێتەوە جگە لە

فـراوانبوونەوەی ڕووبەرەکانـی "جیهانە بـێ دڵـەکان". ئـەو جیهانەی کـە ئینسـان زەرڕەیـەك سۆزی تیا نابێنێـتەوە و خۆشەویسـتی گـۆڕدراوەتەوە بـە بـاڵادەستی مەرگ. گومانی تیادا نییە کە لە بەرینبوونەوەی "جیهانـێکدا کـە دڵی تیا دەرهێنراوە", کاریگەرییەکانی ئەم دڵڕەقییەی سیستەم بە جۆرێکی تر لە ڕۆحی ئینسـانەکاندا ڕەنگدەداتــەوە و بـالانسـی ڕۆحـی ئینسـانەکان لـە ناتەوازونییەکـی گـەورەدا ڕادەگـرێت.

هەربـۆیەش ئینسـان ناتوانـێت لـە جیهانـێکدا بـژی و هەناسـە بـات کـە هـەم دڵـی تـیانەماوە و هـەم بێ ڕۆحییەکی گەورە تەنیویەتی و بە شوێن ئەوەوەیە کە ئارامییەکی ساتەوەخت لە شوێنێکی تردا بدۆزێتەوە.

بـۆ مـارکس ئـایین لـەم هەلـومەرجەدا ئـەو دەرفەتەیـە کـە ئینسـانی دیلکـراوی نـاو "جیهانـی بـێ دڵ" و "هەلومەرجی بێ ڕۆح" دەستی بۆ دەبات و ئیمکانی هەناسەدانەوەیەکی ساتەوەختانەی بۆ فەراهامدەکات.

بـەڵام وەك پێشـتر لـەوە دووایـن کـە دوعـای هیچ موسوڵمانێك یان مەسیحیەکی عێراق توانای ڕزگارکردنی زیندانییەکـی فەرمانـی مـەرگ بەسەردا دراوی نییە, دەرگاڕاوەشاندنی هیچ غەوس و ئیمام موسایەکی کازم ڕۆڵەی هیچ کەسێك ناهێنێتەوە ماڵ, لەم ساتەدا ئایینی ئاسمانی و سیمبولەکانی ئەو دووچاری شکستێکی گەورە دەبێت. هەر لەم ساتەوەختەدایە کە دیکتاتۆر بۆ دروستکردنەوەی هارمۆنییەك لە ژیانێکی بێ مانادا دێتە سەر شانۆ و ئەو دەرفەتە بە ژێردەستەکانی دەدات کە ئاهێکیان بەبەردا بێتەوە.

ئەمـە بەزەیـی پیاهاتنەوەیەکـی میهـرەبانانەی سـەرۆك نییـە بـە کەسـانی ژێردەسـتەی خـۆی, بەڵکـو ئارامکـردنەوەی جیهانـی "بێ دڵ"ی ژێر دەسەڵاتی خۆیەتی تـا "هەلومەرجی بێ ڕۆح" و "جیهانی بێ دڵ" ئینسـانەکان ئاڕاسـتەی "دڵڕەقییەکی شۆڕشگێرانە" نەکات و بە تووڕەییەکی جەماوەری تەواو نەبێت. واتـا لـەو کاتـەدا کـە دنیای بێ دڵ و هەلومەرجی بێ ڕۆح بە کەماڵی خۆی گەیوە و ئاهو نزوولەی ئینسانی دیلی نـاو ئەم هەلومەرجە دەرفەتێکی تری لەبەردەمدا نەماوەتەوە, سەرۆك دێتە سەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکان و بـڕیاری لێبووردنـی گشـتی خـۆی بـۆ جـەماوەر ڕادەگەیێنێت. لە ساتەوەختی دەرکردنی بڕیاری لێبووردنی گشـتیدا, ئـیتر سـەرۆك ئینسـانێکی سـەر ئـەرز نییەو بەرزدەبێتەوە بۆ پلەی ئینسانێکی خودایی. لە ساتی لێبووردنـی گشـتی دەسـەڵاتدا, سـەرۆك لـە پرۆسـەیەکی موعجیـزە ئاسـدا, جارێکـی تـر پانتاییەکانـی دەسەڵاتی هێندەی تر فراواندەکاتەوە و ئاسمانیش داگیردەکات.

لـەم سـاتەدا سـەرۆك ئـەو کەسـەیە کـە ژیـان و ڕۆحـی کـۆمەڵگای بەدەسـتە و بـۆ ژێردەسـتەکانی خـۆی ڕادەگەیێـنێت: " ئـەوا ئـە مجارەش دەتـانبەخشـم". لەگـەڵ دەربـڕینی ئـەم وشـانەدا, سـەورۆك تـەواوی سیفاتەکانی خودایەکـی ئاسمانـی لەخـۆیدا کـۆدەکاتەوە دەبێـتە ئینسـانێکی خودایی. ئەو ئینسانەی کە تـەنها و تـەنها تـوانای ڕەوانەکردنـی کەسـانی دی بـۆ گۆڕستان هەیە و هاوکاتیش دەتوانێت فوو بە دەمی مردووەکاندا بکات و دووبارە زیندوویانکاتەوە.

ئەگـەر لـە هـیچ بڕیارێکـی سیاسـی دەوڵەتیشـدا بـەم شـێوازەی خـوارەوە نەنووسـراوە کـە "ئـە مجارەش دەتـانبەخشم" بەڵام مانا شاراوەکانی لێبووردنی گشتی هەر لەم وشانەدا چڕدەبێتەوە.

هـەر ئەم مانا شاراوانەی "دەتـانبەخشم"ە کە سیاسەتی لێبووردنی گشتی دەبەستێتەوە بە مەبەستەکانی دەسەڵاتەوە بۆ ئیعدامکردن. واتـا لە پشت پەیامی لێبووردنی گشتییەوە ئەو هەڕەشەیە ئامادەیی هەیە کە ئـیعدام بە زمانێکی تر دەربڕیەتی. بەڵام ڕوونکردنەوەیەکی ترمان پێویستە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان

جـەللاد و قوربانـی لـە هـەردوو حالەتـی ئـیعدام و لێبووردنەکانـی سـەرۆکدا تـا ئـەم وێـنەیە زیاتـر ڕۆشنبێتەوە..

لـە ئـیعدامدا پەیـوەندی نـێوان قوربـانـی و جـەللاد پەیوەندیەکـی یـەك ئاڕاستەیی نێوان دوو جەستەیە. جـەللادێك ڕاوەسـتاوە و جێبەجـێکەری ئـەم ڕیتواڵـی کوشـتنەیە. قوربـانـی نەك ڕۆژی ئیعدامکردن, بەڵکو لەیەکەم ساتەکانی بیستنی فەرمانی مەرگەوە مردووە. ئەو لەو ڕۆژەدا تەنها ئامادەبییەکی جەستەیی هەیە لەبـەردەم جـەللاددا. لـەم ساتەدا ئێمە شایەتی هیچ جۆرە پەیوەندییەکی کۆمۆنیوکاتیڤییانەی نێوان ئەم دوو جەسـتەیە نـین.واتـا ئەگـەر دەنگێکیش هەبێ کە ببیسترێت, ئەوە تەنها دەنگی جەللادە و قوربـانی لە دەنگ بێبەشکراوە.

بـەڵام لـە دوخـی لێبووردنـی گشـتیدا ئـەم پەیـوەندیە ئاڵوگۆڕێکـی بنەڕەتـی بەسـەردا دێـت و دیمەنـی شـانۆگەریەکە دەگـۆڕدرێت بـە شـتێکی دی. لەم دیمەنەدا جەللاد ئەو کەسە نییە کە لە وشەکانییەوە خوێن دەچـۆڕێت, قوربانـیش ئـەو کەسـە نـیـیە کـە لەبـەردەم جـەللاددا کەوتـووە. بەڵکـو ئـێمە شـایەتی جـۆرە پەیوەندییەکـی کۆمۆنیوکاتیڤیـیانەی زیندووین کە لە سیمای هەردوو ئەکتەری ئەم شانۆگەرییەدا هەستی پێدەکـرێت. جـەللاد لـەم سـاتەدا ئـەو کەسـەیە کـە ئـیتر بەبەرگی ئینسانێکی میهرەبانەوە دەردەکەوێت و زەردەخەنـەش بەسـەر لێوانیەوەیەتـی. قوربـانـیش ئـەو کەسـەیە کـە لـە دوای ئاخـاوتنی سەرۆکەوە, لە مەملەکەتی مەرگەوە دێتەوە و پڕ دەبێتەوە لە ژیان. ئەو بە زەردەیەك وەڵامی سەرۆك دەداتەوە کە هێندەی دی میهرەبانـی و دڵگەورەیـی سـەرۆك دەسـەلمێنێت. ڕەنگـە هـەر ئـەم زەردەخەنە گۆڕینەوەی نێوان جەللاد و قوربانـی بـێت کـە وامـان لێـبکات پـێمان وابێ سیاسەتی لێبووردنی گشتی ناخرێتە چوارچێوەی سیاسەتی تـۆقـاندنەوە کـە ئـیعدام هەڵگـری پەیامەکەیەتـی. بەڵام ئەوەی کە گرنگەو زەردەخەنەی نێوان جەللاد و قوربـانی ناتوانێت بیشارێتەوە, ئەو گەمەیەیە کە بە چەمکی ژیان و مردن دەکرێت.

لـە ئـیعدامدا جـەللاد بە شوێن ئەوەیە کە بە مەرگ هەڕەشەکانی خۆی پراکتیزە بکات. هەر ئەم پەیامەش بـووە کـە بـە درێژایـی مـێژوو دەسـەڵات کەڵکـی لێوەرگـرتووە. ئیعدام لووتکەی خۆنمایشکردنی دەسەڵاتە لەبەرانـبەر جـەماوەردا. خاڵـی جەوهـەری ئـەم خۆپیشـاندانەی دەوڵـەت و تاکـە شـیعارێك کـە لەسـەر پەرچـەمەکانی دەسـەڵات نووسـرابێت, مـەرگ بـووە. بـە واتـایەکـی تـر" لە ڕێگای نمایشەکانی مەرگەوە, دەسەڵات ژیان بێ حورمەتدەکات و هێندەی تر کۆمەڵگا ملکەچی خۆی دەکات.

بـەڵام لـە دوخـی لێبووردنە گشتییەکانی سەرۆکدا, ئەم هاوکێشەیە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە و بە چەکی ژیـان هێندەی تر کۆمەڵگا لە ژێر زەبری دەسەڵاتە مەرگدۆستییەکەی سەرۆکدا ڕادەگیرێت.

ئـەوەی کـە لـە سیاسـەتی لێبووردنـی گشـتیدا دیـار نـیـیە و وامـان لـێدەکات کـە "گێـڕانەوەی ژیـان" بـۆ زیندانیـیەکان بـە هێرشـێکی هەمـە لایەنـەی دەسـەڵات لـە قەڵـەم نەدەین بۆ سەر خودی ژیان, ئەوەیە کە ئـە مجارە دەسـەڵات لە ژێر نـاوی "گێڕانەوەی ژیان"دا ڕووخسارە دزێزەوەکانی مەرگمان نیشاندەدات. ئەمە ئـەو دوالیـزمەیە کـە سیاسـەتی "لێبووردنـی گشـتی" لەناوخۆیدا هەڵیگرتووە و ڕوخسارە خوێناوییەکەی جـەللاد دەگۆڕێـتەوە بە ڕوخسارێکی میهرەبان. بەڵام تراژیدیای گەورە لێرەدایە کە ئیتر مەرگ سیمبۆلێکی

تۆقێنەرو ئامرازی دەستی دەسەڵات نییە بۆ سەر ژیان, بەڵکو ئەوە خودی ژیان و گێڕانەوەی رۆحە بۆ قوربانی  کە سیمبولەکانی هەڕەشەن لە سەر خودی  ژیان.
لە پاش ئەم ڕوونکردنەوە کورتەوە لەسەر سیاسەتی لێبووردنی گشتی ڕژێم و مەغزاکانی, بۆمان ڕۆشندەبێتەوە کە سەرۆك لەم سیاسەتە نوێیەیدا وە بە تایبەت لە ئێستادا بە شوێن ئەوە نییە کە جەماوەر شوێنی خۆیخات. بەڵکو پەیامەکە ڕێك بە شوێن ئەوەوەیە کە جەماوەر بتۆقێنێت تا هێندەی تر ملکەچی فەرمانەکانی سەرۆك بکرێت.

لە کۆتایدا پێویستە ئەوە بڵێم کە سیاسەتی لێبووردنی گشتی ڕژێم ئەگەر وەك بەشێکی تر لە  ڕیتوالێکی تری تۆقاندنی خەڵکی سەرنجی بدرێتێ یاخود هەر وەك سیاسەتێکی ڕووتی لێبووردن بێت , ئەوا بۆ خەڵکی عێراق کە تاڵاوی ئەم ڕژێمەیان چەشتووە, ئەو دەرفەتەیە کە بۆ ساتێکی کەمیش بێت هەناسەیەکی کورت هەڵمژن. ئاخر ئەوان لە هەموو ڕۆژنامەنە نووسەکانی تری دنیا باشتر تێگەیشتوون و ناوی تایبەتی خۆیان بۆسیاسەتی لێبووردنی ڕژێم دۆزیوەتەوە: پاککردنەوەی زیندانەکانی عێراُق.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لای مارکس و سەرنجێکی وتە بەناوبانگەکەی بدەین  کە دەڵێ:"ئایین ئەفیونی خەڵکە", ئەوا بە ڕەهەندێکی تری خوێندنەوەی مارکس دەگەین کە  پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پرسیاری  لەخۆنامۆبوونی ئایینی ئینسانەوە هەیە. بۆ مارکس ئەم پرۆسەی "لەخۆنامۆبوونەی ئینسان" لە ئایین, لە نەهێشتنی ڕووبەرەکانی "جیهانی بێ دڵ" و "هەلومەرجی بێ ڕۆح"دا خۆی دەبینێتەوە, تاکو ئینسان خاوەنی هەناسەدانەوەیەکی سروشتییانەی خۆی بێت و پێویستی بەوە نەبێت بە سییەکانی کائینێکی تر کە ئایین پێشکەشی دەکات, هەناسە بات. بۆیە ئەگەر ئەم لایەنەی شیکردنەوەی مارکس لە پەیوەند بە عێراقەوە لەبەرچاو بگیرێت, ئەوا بۆمانڕووندەبێتەوە کە لە عێراقی سەدامیشدا, ڕیتوالەکانی تۆقاندنی ئینسان بە ئیعدام و لێبووردنی گشتی زیندانیانەوە کاتێك دەکرێ کۆتایی پێبێت, کە زەمینەکانی لەدایکبووونی "جیهانی بێ دڵ و" هەلومەرجی بێ ڕۆح" بە پێوە نەمابن.

(۱) مار کس نقد فلسفة حق هيكل انتشارات نقد  تر جمة ر ضا سلحبور لا ۳

بۆ وەرگێڕانی ئەم وتەیەی مارکس کەڵك لە تێکستی سویدی و فارسیەکەی وەرگیراوە, ئەگەر چی جیاوازیەکی کەم لە نێوان وەرگێڕانەکاندا هەیە بە تایبەت لە بەشی یەکەمی تێکستەکەدا.